مامۆستایەکی وانەبێژ لە دهۆک ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا

مامۆستایەکی وانەبێژ ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا.

لە قەزای بەردەش لە سنووری پارێزگای دهۆک، مامۆستایەکی وانەبێژ ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و لە سەربانی ماڵەوە خۆی خستە خوارەوە و گیانی لەدەستدا.

بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە (4ـی کانوونی یەکەمی 2023)، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەش بە میدیاکانی راگەیاند: "هاووڵاتییەك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و لە سەربانی ماڵ خۆی خستە خوارەوە و گیانی لەدەستدا".

هاووڵاتییەکە ناوی یاسر نایب مستەفایە و بەپێی زانیارییەکان مامۆستای وانەبێژ بووە و تا ئێستا هۆکاری خۆ کوشتنی نەزانراوە.